عەبدوڵڵا سەمەدی

## گـۆوەندێـك لە بوولـێـڵەدا

ئاسکۆڵە شلکە نەمامەکەم! بە سەیری کانیی ڕوونی چاوەکانت، کە دەڵێی نەقیمی سەوزەزارن، دەنگی ڕوانینت دەبیسم. دەرێ کرێوەیە و باتۆف. لە پەنا سەمای بڵێسەکانی ئەم ئاگرە، ئارام بگرە!. لە نیازی ئەم چاوانە تێدەگەم. وشە وشە درێژەی حەکایەتەکەی شەوانی پێشووت بۆ دەگێڕمەوە. دیسان لە هەر کوێدا لۆتکەی خەو هەڵیگرتی و بە سەر لەنجەی شەپۆلەکاندا، لە کەنارەی وەنەوزەوە بەرەو قووڵایی‌ی خەوی بردی، چاو لێکبنێ و بنوو...

لە کوێدا بووین؟! ها!! ئەو جێیەی کە وەنەوشە هێدی هێدی مەزراکانی مێرمنداڵی جێدەهێشت و بە گۆرانی پێی دەنایە پێدەشتە بژوێنەکانی لاوێتی. تا چاو بڕی دەکرد، سەوزەزار و چیمەن بوو. لایەکی ئاسمان ڕوون و لایەك تەم بوو. چەپکێ پرشنگ بە درزێکی هەورەکاندا، ڕاست ئەو پەڵەیان لە گرد دەنگاوت کە شۆڕەبییەك لێی ڕادەژا. چەپکێکی دی بە درزێکی لابەلادا، لە یاڵ و بستوو چەقیبوو. لووتکە سەری لە تەمدا بوو.

کە وەنەوشە دادەگەڕا، وەك کچۆڵەکەی ناو داستانی مێرخوناوکە، لە هەنگاوی پێیەکیدا خشتێکی زێڕ هەڵدەوەری و خشتێکی زێو لە هەنگاوی پێیەکەی دی. هەستی دەکرد کە کۆترێك لە لای چەپی ناو سینگیدا، باڵ لێك دەدا و سەر لە دیواری سینە دەسوێ. ئاگرێك لە دەروونیدا داییسا و شەڕابێکی کۆن، بە تەوژم دەمارەکانی دەپێوا. ئەویندار بوو.

دەمەو تاوپەڕان، لاوێکی کەڵەگەتی سپیکەڵە، بە ئەسپێکی کوێت، لە بەرزایی‌یەکان دادەگەڕا و دوور بە دووری وەنەوشە دادەبەزی. لغاوی داویشتە سەر لکە بەهێز و چڕەکانی پنجێك هەنجیرەکێویلە و بە هەنگاوی قورس و ئارام دەهاتە پێش. بە مەودای دە هەنگاوێك، ڕادەوەستا و دەیگوت: ئێوارە باش نازدارەکەم! بێقەرار و پشووسوار بووم تا گەیمە تۆ! لە دوور دوورەکان لەنگێزە بوو، بۆران بوو. جوانوو ئەسپەکەم بە ژوانگەی ئارامی دەزانی و شارەزای ڕووگە بوو. وەنەوشە، کە هەمان کیژۆڵەی مەچەك هەڵنەگرتوو بوو، سەری هەڵدەبڕی و ڕووی دەکردە ڕزگار و بە چپە وەڵامی دەدایەوە: ژیانت باش هەتاوەکەم! بێقەرارتر بووم تا دەرکەوتی! ئاخر بارتەقای ئەم گشت جوانیانە کە تا چاو بڕ دەکا بۆشایی نێوان زەوی و ئاسمانیان داگرتووە، درزێوی و بەچکە ئەهریمەن، ناو تەمەکان و تاریکیی ناخی دارستان و جاسووسگەی دۆڵ و دەرەکانیان تەنیوە! لە بەکرەکان زۆر دەترسم!

ئیدی دڵدانەوەی ڕزگار بوو و نازی وەنەوشە. باڵندەکان ژوور و ژوورتر دەفڕین و لە جەغزێکی بەستراودا ڕێچکەیان دەبەست و دەسووڕان. کەوەکان بە پێڕەو هەڵدەگەڕان و تاکە کەوێك ترۆپکی تاشەی دەگرت و بە شەپۆلی دەنگی، سروودی تاوپەڕانی دەچڕی. لە بوولێڵی ئێوارەدا، بەر لە تاریکان، ماڵئاوایی تا ژوانی تر.

وەنەوشە و ڕزگار زوو زوو یەکتریان دەبینی. بە یادی یەك، ماڵئاوایی‌یان دەکرد، بە یادی یەك، دەنوستن و بە یادی یەك، دەژیان. ئاواڵیان کۆتر و کەو و قاز و سی بوو. کێو و تەم و هەور و خوناوە و چیمەن، سەیرکەری خۆشەویستیی و ژوانیان بوون، و زەمان وەك ئەسپە کوێتەکەی ڕزگار، ڕام و دەستەمۆیان بوو.

بەڵام لە شەوە زەنگەکانی بێمانگەشەودا، دارستانی چڕ و دۆڵی بە سام و جاسووسگەی پشت گابەردەکان، جموجوڵێکی سەیری تێدابوو. ئەهریمەن بە کڵاوێکی قووچ و ساقۆیەکی ڕەشی درێژ و ڕوخساری ئێسکن و لووتی داچۆڕاوەوە، ساتێ ئارامی نەبوو. ئەمی دەبینی، ئەوی دەبینی. شەمشەمەکوێرەکان بە بێ شەقەی باڵێك، بێهەست و دەنگ، لەم خڕ، لەو دۆڵ، لە ناو درزی کۆتەڵە

دارێکی وشك هەڵاتوو، لە ناو گۆڕێکی تازە هەڵکەنراوی کەس تیا نەناشتوو، کۆ دەبوونەوە و هەواڵیان دێنا و دەبرد. پیلانیان دەگێڕا و سەد داوی وردیان دەنایەوە.

ئاخ! وەنەوشەی ساویلکە و هەمیشە دۆڕاو! تۆ چ بەخت ڕەش و خۆشباوەڕ بووی! لە دۆڵی بەرزترین کێوەکاندا، لە ناو ئەشکەوتێکی ئاخنراو لە شەمشەمەکوێرە و هەزاران داوی جاڵجاڵۆوکە، ڕزگارەکەی تۆ، چوارمێخەکەی بە پۆڵا کێشرابوو. ئەوەی ئەمڕۆ ئێوار لە ژوانگەی هەمیشەییتا قەرارە بێتە دیدارت، ئەهریمەنە لە شێوەی ڕزگاری ئەویندار!

کات، ئێوارەی ژوان بوو. دوور بە دوور لە ئەسپ دابەزی. لغاوی هاویشتە سەر پنجە هەنجیرەکێویلە و کڕنۆشی برد. وەنەوشە خزایە ئامێزی و سەری وەسینگی کرد. بە چپەیەکی لە شنە نەرمتر دەیگوت: دڵم چ نائارام دەکوتێ و لە داهاتوو چ دڕدۆنگم ئەی شۆڕەسوارەکەی دنیای تاسەم. ئەهریمەن شەنەی پەنجەکانی لە بسك و پەرچەمی دەوەژاند و دەیگوت: ئەرخەیان بە خاتوونەکەم! تا لە جەغزی خەرمانەی باسکی منداى، ئەرخەیان بە!

باڵندەکان لە دەم ڕووبار سەری خەفەتیان خستبوە ژێر باڵ. کەوی غوللور کڕ دەیڕوانی و گزینگ تیرێژی وەریبوون. شۆڕەبی تاکە گەڵایەکی نەدەلەرزی و زەمان لە ئاستی خۆی مەیی بوو. لە نەهرەتەی بێدەنگی، چیا دەنگی دەدایەوە: ڕاکە.. وەنەوشەی بێدەرەتان.. ڕاکە..

ئاسکۆڵە شلکە نەمامەکەم! چ گرانە بەربەرەکانی لەگەڵ خەو! وا خۆی بە پێڵووی چاوەکانتا هەڵواسیوە و بە سەر چاوە تەڕ و فرمێسك تیا قەتیس ماوەکانتا دایاندەکێشێ. ئارام چاو لێك بنێ و بنوو. ئەگەر مەودای کورتی ژیان، دیداری شەوێکی تری لە ئێمە وەچاو بوو، پاشماوەی حەکایەتەکە لە دنیای خەونەکانتدا ببینە و ئەمجار تۆ بۆ منی بگێڕەوە.

سبەی ئاسکۆڵ لە خەو هەستا، تاك و تەنیا لە بن کورسی بە جێمابوو. ئەمجارەش هەر زستان بوو. خۆی داپێچا و کۆڵانەکانی شاری بڕی. یەکەم هەنگاوی کە لە شار بردە دەر، ڕچەی بەفر بەرەو گۆڕستان نەشکابوو. لە سەر گۆڕی سارد و سپیپۆشی باوکی ڕاوەستا. ماوەیەك تێیڕاما و دەنگی حەکایەتی شەوانی بنکورسی لە گوێیدا دەزرینگایەوە. ئەمجار بە دەنگێکی لەرزۆك گوتی: بابە! هاتووم دوایین پەردەی شانۆکەی وەنەوشە و ڕزگارت بۆ بگێڕمەوە. لە خەوی دوێشەومدا، وەنەوشە بە ئاکامی دڵ گەییبوو. بە جلکی سپی و تارای سوورەوە بەرەو پەردەی بووکێنی دەڕۆیی. ڕەنگی مردووی لێنیشتبوو. هەر خۆی مردوویەك بوو دەڕۆیی. چونکە دوو زاوای قۆز لە دوو لاوە قۆڵیان خستبوە بن هەنگڵی و هەر کام بە دەم زەردەخەنەیەکی پڕماناوە لەملا و لەولا دەیاندواند.

ئاسکۆڵ، لە کاتێکدا دڵۆپەیەك فرمێسك وەکی بللوور لە سەر ڕوومەتی بەستبووی، داهاتەوە و تاکە گەڵایەکی شینی کە لە دەستا بوو، داینایە سەر سینگی گۆڕەکەو ڕووی وەرچەرخاند و گوتی: بابە! تۆ چ بەختەوەری کە شاهیدی ئەم دیمەنە دزێوە نیت. ئیدی پێ لە سەر جێپێی پێشووی گەڕایەوە و دوور بە دوور خاڵێکی ڕەش بوو لە ناو مەزرایەکی سپیدا.